**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٥٣٠٨ لە ٢٠١٨/١٠/١٦**

# بــڕیــار

لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی بە نووسراویان ژمارە (٧٧٨٢) لە ٢٠١٨/٧/٢٤، و لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٢٨) لە یاسای (پیادەکردنی پیشەی دەرمانسازی) ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠،و پشتبەست بەبڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩، و ئاماژە بە بڕگەی (یانزەیەم) لە ماددەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیاردرا بە:-

١- ڕاگرتنی کارکردن بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١١٤٨) لە ٢٠١٤/٢/١٧، و پێویستە وەزارەتی تەندروستی لەبەر ڕۆشنایی ماددەی ئاماژەپێدراو لە پێشەکی ئەم بڕیارەدا ئەم بابەتە ڕێکبخاتەوە.

٢- وەزارەتی تەندروستی تەنها لایەنی پەیوەندیدارە بە تۆمارکردن و پێدانی مۆڵەت بە خاوەن پیشە تەندروستییەکان ، و پێویستە لەسەر هەموو ئەو خاوەن پیشە تەندروستییانەی لە پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە مۆڵەتیان لە لایەنی دیکە وەرگرتووە سەردانی وەزارەتی تەندروستی بکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەت بە ڕەچاوکردنی پەیڕەوی پیادەکردنی پیشە تەندروستییەکان ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٢ هەموارکراو .

٣- لە حاڵەتی سەرپێچیکردندا ئەوا پێویستە وەزارەتی تەندروستی ناوی خاوەن پیشەی تەندروستی لە تۆماری وەزارەت بکوژێنێتەوە و ڕێگەیان پێنادرێت بە پیادەکردنی پیشەکانیان لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەوی پیادەکردنی پیشە تەندروستییەکان ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٢ هەموارکراو.

٤- لیـژنە پەیوەندیدارەکانی قایمقامیەت و ئاسایشی بازرگانی و پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کواڵێتی کۆنترۆڵ و دەزگا و دامەزراوەکانی تری هاوشێوە دەستکراوە دەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە پشکنین و بەدواداچوون و گرتنی سەرپێچییەکان و دەستنیشانکردنی ناوی ئەو کەس ولایەنانەی دەبنە ڕێگر لە بەرامبەر بەجێهێنانی ئەرکەکانیان و ڕاپۆرتکردنی زانیارییەکان بۆ وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بە مەبەستی تۆمارکردنی سکاڵا بەپێی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو و لە کاتی کەمتەرخەمی ناوبراوان لەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە یان ئاسانکاری بۆ سەرپێچیکاران، ئەوا ڕێکاری یاساییان لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر و توندترین سزا دەدرێن .

٥- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە وەزارەتی داد جێگری داواکاری گشتی بەپێی پێویست لە سنووری هەر پارێزگا و قەزایەك دەستنیشان دەکات وەك چاودێر و سەرپەرشتیار بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی ئەم بڕیارە، و پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕاپۆرتی بەدواداچوون پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات لە ڕێگەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کە تیایدا بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بخاتەڕوو سەرەڕای دەستنیشانکردنی فەرمانبەر و کەس و لایەنی بەرهەڵستکار تاوەکو ڕێکاری قانونی لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر.

٦- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**